گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 14, No. 3, pp. 549–561, July-September-2026.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# کوردستان موکریانی: توێژینەوەیەك دەربارەی ژیان و ڕۆڵی ڕۆشنبیری و چالاکییەکانی لە نێو ڕێکخراویی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

پرژین جعفر رستم ئۆمەربلی[1]*
[1] بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێما کوردستانێ ـ عێراق.

وەرگرتن: 2025/12 پەسەندکرن: 2026/03 بەلاڤکرن: 2026/07 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.3.1775

**پۆختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر (کوردستان موکریانی) ژیان و لایەنی ڕۆشنبیری و ڕۆڵی لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئەم ئافرەتە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە نێو کایەی ڕۆشنبیریدا لە کوردستان و بەهۆکاری ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر پەروەردە بووە، باوکی کاریگەری زۆری لەسەر کوردستان موکریانی بەجێهێشتووە، بۆ ئەم مەبەستەش لەو قۆناغەدا یەکەمین ئافرەت بووە کە توانیویەتی دکتۆرا لە زانستی فیلۆلۆژیدا لە وڵاتێکی بیانیدا بەدەستبهێنێت و لەپاڵ ئەوانەشدا لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە، هەر لە تەمەنێکی منداڵییەوە بەشێوەی وتار خوێندنەوە لە چالاکییە نەتەوەییەکان بەشداریکردووە. موکریانی لە پرسی بایەخدان بە زمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی جێپەنجەی دیارە، دواتریش بڵاوکردنەوەی وتار، هۆنراوە، پەخشان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەروەها بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەر و سەرۆکی یەکەمین (کۆڕی زانیاری کورد)بوو، خزمەتێکی زۆری بە پرسی ئافرەتان و مافی ئافرەتان کردووە، لە ڕێگەی نووسینی کتێب و لێکۆڵینەوە، ماوەی سێ ساڵ سکرتێری ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە، توانیویەتی ڕێکخراوەکە بەرەوپێشەوە ببات و گرنگی بەلایەنی ڕۆشنبیری ئافرەتانی کوردستان داوە و هەوڵیداوە ئافرەتان لەو بوارەدا خۆیان پێبگەیەنن، ئەم ئافرەتە مێژوویەکی دەوڵەمەندی تۆمارکردووە لەرووی ڕۆشنبیری و زانستی و خەباتی ڕێکخراوەییەوە. کوردستان موکریانی، لە پاڵ هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانیدا گرنگیداوە بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێو ئافرەتاندا، بیرۆکەی دروستکردنی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هێناوەتە ناو کاری ڕێکخراوەیی و لەم بوارەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی نەخوێندەوار سوودمەند بوونە لەسەرجەم پارێزگاکانی کوردستان.

**وشە سەرەکییەکان:** کوردستان موکریانی، ڕۆشنبیری، ئافرەتان، چالاکی، زانکۆ.

## پێشەکی:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە: لەوەدایە ڕۆشنایی دەخاتە سەر مێژووی خەباتی ڕۆشنبیری نووسەری دیاری کوردستان (کوردستان موکریانی) ڕۆڵی لەلایەنی ڕۆشنبیری و لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، زانیارییەکان لەسەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراوە، بەتایبەت ژمارەیەك بەڵگەنامە کە پارێزراوە لای ناوبراو، هەروەها بیرەوەرییەکانی ژیانی کە لە کتێبێکدا کۆکردۆتەوە و بەچاپی گەیاندووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تاوەکو ئێستا بەشێوازێکی زانستی مێژوویی خەباتی ڕۆشنبیری و زانستی ئەم ئافرەتە نەنووسراوەتەوە، لەم ڕێگەیەوە مێژووی خەباتی ئەم نووسەرە لە فەوتان دەپارێزرێت.

ئامانجی توێژینەوەکە: لەوەدایە زانیاری دروست و مێژوویی پشتراستکراوە بە بەڵگە، سەبارەت بە ڕۆڵی موکریانی لەکایەی ڕۆشنبیری، لە کوردستان و لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ئاشنا بن بە مێژووی ئافرەتانی ڕۆشنبیری کورد لە نێویاندا کوردستان موکریانی، کە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (کرۆنۆلۆژی-وەسفی) بەستراوە، بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی و بەڵگەنامەیی دامودەزگاکانی کوردستان کە ناوبراو تێیدا خزمەتی کردووە، توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم: کورتەیەك سەبارەت بە ژیانی کوردستان موکریانی، تەوەری دووەم: ڕۆڵی لەلایەنی ڕۆشنبیری لە کوردستان، تەوەری سێیەم: ڕۆڵی لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

گرفتەکانی توێژینەوەکە: گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی توێژەر بووەتەوە بریتییە لە: نەبوونی سەرچاوەی پێویست سەبارەت بە هەندێك لایەنی ژیانی ئەم ئافرەتە بەتایبەت ڕۆڵی لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، زۆربەی نووسراو و بەڵگەنامەکان لە نێو ئەرشیفی ڕێکخراوەکەدا نەپارێزراون.

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

چەندین سەرچاوە بە زمانی کوردی و عەرەبی سوودیان بەم توێژینەوەیە گەیاندووە: وەك بەڵگەنامەی دامودەزگا حکومییەکان، کە موکریانی تێیدا خزمەتی کردووە، هەروەها (ژیان و بیرهاتن)ـی موکریانی، کە بیرەوەرییەکانی خۆی تێیدا نووسیوەتەوە و خزمەتێکی زۆری بەم توێژینەوەیە کردووە.

**تەوەری یەکەم:**

**کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ژیانی کوردستان موکریانی**

کوردستان ناوی تەواوی (کوردستان گیو ئەوڕەحمان ئەحمەد)ـە، ناسراوە بە (کوردستان موکریانی) (**موکریانی، 8ی ئابی 2025، هەولێر**)، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە(موکریان)ین و لە شاری (مەهاباد)ـی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێبوون، لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا گیو لەگەڵ باوکیدا ڕوویکردۆتە شاری حەلەب لە سوریا بۆ لای (حوسێن حوزنی موکریانی) لە دایکەوە برا بوون، حوزنی لەشاری حەلەب مامۆستای تایبەتی بۆ گیو گرتووە تا فێری زمانی عەرەبی بێت، ناردویەتیە بەرخوێندن و بە یارمەتی مامۆستای تایبەت فێری زمانی فەرەنسیش بووە، لە خوێندندا گەیشتۆتە قۆناغی دووەمی کولێژی ددانسازی لە بەیروت، بەڵام تەواوی نەکردووە، چونکە فەرەنسییەکان حوزنی برایان لەسەر کوردایەتی زیندان کردووە و لە سوریایان دوورخستۆتەوە، گیوی ناچار بووە دەست لە خوێندن هەڵبگرێت و لەگەڵ (حوزنی) برای لە ساڵی (1925) ڕووبکەنە عێراق و چەند مانگێ لە شاری بەغدا ژیاون و دواتر ڕوویان کردۆتە ڕەواندز و بۆ یەکەمینجار ئەم دوو برایە ئامێری چاپیان لە ساڵی (1926) لە ڕەواندوز دامەزراندووە (**شارەزا، 1978، ل7**)، لەپاڵ چاپخانە، ئامێری کامێرای هێناوەتە باشوری کوردستان و ئیستودیۆی وێنەگرتنی دامەزراندووە، بۆ یەکەمینجار لە ساڵی(1935) حوزنی ئامێرێکی دیکەی چاپی قەبارە گەورەی لە موسڵ کڕیوە و چاپخانەی لە هەولێر دامەزراندووە بەناوی(زاری کرمانجی) ئەم چاپخانەیە لەو سەردەمە تاکە دەزگای ڕۆشنبیری و شارستانی شاری هەولێر بووە، چەندین ڕۆژنامە و فەرهەنگ و دیوانی شاعیرانی چاپ کردووە(**الحکم الذاتي، 1978، ع2/ڕووناکی،2001، ل34**). لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا باوکی کوردستان موکریانی پشتگیری لە شۆڕش کردووە، بۆیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە زیندانیکراوە (**مجلة الکتاب العراقی، 2001، ص28-29**).

سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی کوردستان موکریانی لەساڵی (1948) لە دایکبووە، باوکی لەبەرخۆشەویستی بۆ کۆماری کوردستان ناوی لێناوە(کوردستان) زۆرجار بە هۆی ناوەکەیەوە دووچاری کێشە بووەتەوە، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: "پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، بەشداری چالاکی قوتابخانەکەم کرد، کە پێشانگایەکی کاری دەستی قوتابییان بوو، هەرچەندە پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، بەڵام لێژنەی هەڵسەنگاندن بەبیانووی ئەوەی نەوەك دەسەڵاتدارانی میری لێیپچینەوە بکەن، کە کوردستان ناوێك پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، بۆیە ئەنجامەکەیان بۆ پلەی دووەم گۆڕیوە" هەروەها لە کاتی دەرهێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی فەرمانبەری دەزگاکە داوای کردووە ناوەکەی بگۆڕن، بەڵام باوکی کوردستان پێداگیریکردووە لەسەر ئەوەی ناوەکەی نەگۆڕێت و تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کێشەکەی گەیشتۆتە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (تاهیر یەحیا1916-1986)، دواتر بە بڕی (500 دینار)ـی عێراقی کێشەکەی بۆ چارەسەر کراوە لەو سەردەمەدا وشەی کوردستان لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن قەدەغە کرابوو (**موکریانی، 2022، ل25-28**).

سەبارەت بە قۆناغی منداڵی موکریانی هەر لە منداڵییەوە قوتابییەکی ژیر و هێمن و لێهاتوو بووە و لە زۆربەی بابەتەکان لە خوێندن نمرەی تەواوی بەدەستهێناوە، بۆ ئەم مەبەستەش باوکی هانی داوە بۆ کاری نووسین. لە ساڵانی شەستەکان دەستیکردووە بە نووسینی وتار و پارچە پەخشان، بۆ ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی دەینارد، لەبەرنامەی بەیانی باشدا بە ناوی خۆی دەخوێندرایەوە، بەڵام دواتر بەهۆی ناوەکەیەوە قەدەغەکرا، کوردستان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە باوکی فێری نووسینی وتار و خوێندنەوەی کردووە، (ئیسماعیل عەبدوڵڵا) ناسراو بە(مەلا ماتۆڕ) لەبەرهەمی سەربردەی ژیانی سیاسی خۆیدا لەبارەی ئاهەنگی نەورۆزی(1954)ـی شاری هەولێر نووسیویەتی، چوومە لای گیوی موکریانی و پێمگوت": بیتاقەی بانگهێشتنامەی نەورۆزمان بۆ چاپ بکە، ئەویش وتی: زۆر باشە بۆتان چاپ دەکەم، بەڵام کچۆڵەیەکی حەوت ساڵیم هەیە وتارێکم بۆی نووسیوە دەمەوێ لە پرۆگرامی ئاهەنگەکە دایبنێن." (موکریانی،2022،ل30). لەمەدا دەردەکەوێت، گیوی هاندەرێکی باش بووە بۆ ئەوەی موکریانی کچی لە ڕێگەی ئەم بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانیانەوە توانای دەربکەوێت و پەیوست بێت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان و لایەنی ڕۆشنبیری خۆی بەرەوپێشەوە ببات.

کوردستان موکریانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئەیوبیەی کچان) یەکێك بووە لە قوتابیە سەرکەوتووەکانی قوتابخانە، زۆرجار لە بۆنە نەتەوەییەکان و یادی شۆڕشەکانی کورد هەڵوێستی خۆی نواندووە، بۆ نموونە: لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی خۆی مانیانگرتووە و نەچوونەتە هۆڵەکانی خوێندن، بە مەبەستی نارەزایی دەبرین دژ بە هەڵوێستەکانی موتەسەڕیفی شاری هەولێر (بەدرەدین عەلی1962-1964)، کە دانیشتوانی شاری بێزار کردووە بەتایبەتی کەسوکاری پێشمەرگە بە دوورخستنەوەیان یاخود زیندانیکردنیان، یاخود لەسەرکار لابردنیان (**موکریانی، 2022، ل49**).

ساڵی 1964 لە زانکۆی بەغدا لە بەشی زمانی کوردی وەردەگیرێت، هەرچەندە ئارەزووی موکریانی بەشی ڕاگەیاندن بووە تاوەکو لە بواری ڕۆژنامەگەری پەرە بەتواناکانی خۆی بدات، بەڵام ئارەزووی باوکی بەشی زمانی کوردی بووە، هەربۆیە درێژە بەخوێندن دەدات لەهەمان زانکۆ و هەمان بەش، توانیویەتی بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی

بەشەکەی خۆی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەستبهێنێت (**الوثيقة الجامعة المرقمة 4145 المؤرخة في 1968/10/5**). دواتر دەگەڕێتەوە شاری هەولێر لەو شارە نیشتەجێ بووە.

لە ساڵی 1970 لە قوتابخانەی (ڕووناکی کچان) کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوو لە شاری هەولێر بەناونیشانی (معلم جامعي) دامەزراوە (**موکریانی، 2022، ل75**). دوای دامەزراندنی موکریانی دۆزی کورد کەوتوتە نێو قۆناغێکی نوێی و شۆڕشی کورد دەسکەوتێکی مەزنی لەمێژوودا تۆمارکرد، ڕێککەوتنامەی 11ـی ئاداری 1970 لە نێوان گەلی کورد و حکوومەتی عێراقی واژووکرا، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وەدەستهێنا (**بارزانی، 2020، ل3**)، یەکێك لە دەسکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە زمانی خوێندن لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان بوو بە زمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش موکریانی لە قوتابخانەی سەرەتایی گواسترایەوە بۆ دواناوەندی (هەولێری کچان) بابەتەکانی (مێژوو، جوگرافیا)ـی گووتوەتەوە، ئەوکات کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردە بە زمانی عەرەبی چاپ کرابوون، موکریانی ئەو ئەرکەی خستۆتە سەرشانی خۆی و کتێبەکانی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەشێك لە مامۆستایانی هەولێر پشتیبیان بە وەرگێڕانی موکریانی بەستووە، لەساڵانی دواتردا بابەتی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان گووتۆتەوە (**موکریانی، 2022، ل71**).

موکریانی لە درێژەی زانست و زانیاری و هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیدا بڕیاریداوە درێژە بەخوێندن بدات لە وڵاتێکی دەرەوەی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش (یەکێتی سۆڤیەتی جارانی) هەڵبژاردووە، چونکە لەو وڵاتەدا بایەخێکی باش بە کوردۆلۆژی دراوە لە چاو وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپادا، ناوبراو لە 1972/10/25 لە پیشەیی مامۆستایی لە دواناوەندی هەولێری کچان دەستی لەکار هەڵگرتووە (**وزارة التربية، المديرية العامة للتعليم الثانوي، امر وزاري، الموضوع/ قبول استقالة، العدد 49981 التاريخ 1972/10/9**) لە ڕێگەی (کۆمەڵەی دۆستایەتی نێوان عێراق و سۆڤیەت) لە عێراقەوە نێردراوە بۆ تەواوکردنی خوێندن لە 16ـی10ـی1973 لە (ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ) وەك قوتابییەکی باڵا وەرگیراوە، دوای فێربوونی زمان لەو وڵاتەدا ساڵی 1977 (فەرهەنگی ڕوسی- کوردی) لە مۆسکۆ چاپکرا، ئەم بەرهەمە بە نۆبەرەی بەرهەمی بیری موکریانی دەژمێردرێت (**موکریانی، 2022، ل89-90**).

لە پاڵ هەوڵە زانستییەکانی لەیەکێتی سۆڤیەت بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە بەدەستهێناوە (**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، دائرة البعثات، مديرية تقيم الشهادات، الرقم 2206/5/1، 1977/1/26**). دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، بەپێی فەرمانی کارگێڕی ژمارە 3196/6/11ـی وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە ڕێککەوتی 1977/2/10، بە مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی دامەزراوە (**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، العدد 1977/2/3196،10/6/11**). و بە نووسراوی ژمارە 3487/5/6ـی زانکۆی سلێمانی لە ڕێککەوتی 1977/3/5 وەك مامۆستا لە کۆلێژی ئەدەبیات بەشی زمانی کوردی دامەزراوە (**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة السليمانية، مديرية الذاتية، العدد 3487/5/6، 1977/3/5**).

جگە لەوەش وتنەوەی بابەتەکانی کوردی و پەیوەندی لەگەڵ قوتابیان لە ئاستێکی گونجاودا بووە، بۆیە پێشنیار کراوە بۆ سەرۆکایەتی بەشی کوردی (**موکریانی،2022،ل109-111**) لە 1978/9/30 لە زانکۆی سلێمانی سەرۆکایەتی بەشی کوردی پێدراوە(**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة السليمانية، مديرية الذاتية، العدد 23646/35/7، 1978/9/30**). لە ماوەی دوو ساڵ کارکردنی وەك سەرۆکی بەش، تارادەیەکی باش بەشی زمانی کوردی بوژاندۆتەوە و گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی کوردی داوە، توانیویەتی مامۆستای کوردی تێدا دابمەزرێنێت، کتێبی پێویست بۆ قوتابیان ئامادە بکات، بایەخێکی باشی داوە بە گوتنەوەی زمان، ئەدەب، مێژوو، کەلەپوری کورد، مامۆستای میوان لەبواری جۆراوجۆردا بۆ وانەوتنەوە بانگ دەکرا، وەرزی ڕۆشنبیری بۆ ساز دەکردن، ئاست و ژمارەی مامۆستایان گەیشتە ئاستێك داوای کردنەوەی خوێندنی باڵای کردووە(**هاوکاری، ژ11،1980/3/512**).

ساڵی 1982 پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ د. جەمال ڕەشید پێکەوەناوە. هەروەك موکریانی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت" د. جەمال خاوەن کەسایەتییەکی دەوڵەمەند و کوردپەروەر بووە، پاڵپشتییەکی باشم بووە لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیانمدا، لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵم بووە"(موکریانی، 2022، ل120). لە ماوەی پرۆسەی هاوسەرگیریاندا خاوەن دوو منداڵن بەناوەکانی(مینەواسا و شارە)، دوای پرۆسەی ڕاپەڕین لەبەهاری 1991 بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە وڵاتی هۆڵەندا ژیاوە، ساڵی 1998 بەیەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ئێستا لە هەولێر دەژێت(موکریانی، 2022، ل233). لە تەوەری دواتردا تیشك دەخەینە سەر لایەنی ڕۆشنبیری و ڕۆڵی لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**تەوەرەی دووەم:**

**لایەنی ڕۆشنبیری کوردستان موکریانی**

موکریانی بەهۆی پاشخانی ڕۆشنبیری خێزانەکەی هەر لە تەمەنێکی منداڵییەوە گرنگیداوە بە لایەنی ڕۆشنبیری و دەرخستنی تواناکانی، سەرەتا لە ڕێگەی نووسینی وتار و پەخشان و چیرۆکی فۆلکلوری و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و خوێندنەوەی لە بۆنە تایبەتییەکان دەستپێکردووە، دواتر لە قۆناغی مامۆستایەتیدا چالاکی ڕۆشنبیری زۆری هەبووە، لە زۆربەی کۆڕ و سیمینارەکان ئامادەبووە، ئەو کات بەشداریکردنی ئافرەت زۆر کەم بووە، تەنانەت زۆرجار موکریانی تاکە ئافرەت بووە بەشداریکردووە، جگە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بیری خۆی، وەك (هۆنراوە، پەخشان، چیرۆکی فۆلکلۆری، وتار، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی) زۆربەی وتارەکانی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کردۆتەوە (**هاوکاری، ژ457، 1979/1/15**).

لەو ماوەیەیی کە مامۆستا بووە، لە بەشی زمانی کوردی پڕ ووزە و چالاکی ڕۆشنبیری بووە، ئەندامی چەندین لێژنەی

زانستی بووە، لەسەر ئاستی كۆلێژ و زانكۆ لەوانە: ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ئاسۆی زانكۆی)، لێژنەی پشتگیری لە لێكۆڵینەوەی زانستی، لێژنەی چالاكی هونەری و كۆمەڵایەتی، لێژنەی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە، نوێنەری كۆلێژی ئاداب لەو چالاكییە ڕۆشنبیرییانەی لەگەڵ دامودەزگای ڕۆشنبیری ئەنجامدراوە. وەك ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری لە هەولێر و دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی لە بەغدا، كۆڕی زانیاری كورد لە بەغدا و سەرەڕای هەوڵە زانستییەكانی موكریانی لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ڕاگری كۆلێژ بەهۆی پرسە نەتەوەییەكان و زیاتر گرنگیدان بە زمانی كوردی زۆرجار كێشە و ئاژاوە لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بۆ ئەم مەبەستە موكریانی داوای (دانانی كاتی- تەنسیب) كردنی كردووە لە ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان بەپێی نووسراوی ژمارە 6193/9/1 لە 1981/12/23 ئاراستەی زانكۆی سەلاحەددینی كردووە، بەڵام وەڵامی زانكۆ ئەوە بووە كە پێویستییان بە پسپۆڕی ناوبراو هەیە (**المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان، لامانة العامة للثقافة والشباب، مديرية الشؤون الأدارية والمالية، م تنسيب، العدد 6193/9/1 التاريخ 1981/12/23**). موكریانی بە بیانووی هاندانی قوتابیان بۆ خۆپیشاندان بەتایبەت خۆپیشاندانەكانی ساڵی (1982) كە لە زانكۆ و قوتابخانەكانی هەولێر ڕوویاندا، بڕیاری دوورخستنەوەی درا، بەپێی فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە، ڕاژەی موكریانی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا گواسترایەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، العدد 2س/5652/، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، العدد 18201/11/7 تاريخ 1982/10/24**).

ناوبراو لە 1982/10/31 لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی لە هەولێر دەستبەكاربوو (**وزارة الثقافة والاعلام، دار الثقافة والنشر الكردية، مكتب اربيل، الرقم 385، التاريخ 1982/10/31**)، دوای تێپەڕبوونی مانگێك

ڕووی كردۆتە شاری بەغدا و لە دەزگای ڕۆشنبیری كوردی لە بەغدا دەستبەكار بووە، لەو دەزگایەدا هەفتەنامەی (هاوكاری)، گۆڤاری(بەیان)، (ڕۆشنبیری نوێ) دەردەچوون لەهەمانكاتیشدا كتێب بۆ نووسەرانی كورد بەچاپ دەگەیەنرا (**موكریانی، 2022، ل148**). ناوبراو بەپێی فەرمانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بووە بە سكرتێری گۆڤاری (بەیان)(**وزارة الثقافة والاعلام، دار الثقافة والنشر الكردية، قسم أدارة، الذاتية، أمر أداري، الرقم2404، التاريخ1984/11/13**). لەو ماوەیەدا بەرهەمێكی زۆری نووسەرانی كورد لە بەشی گۆڤاری (بەیان)دا كەڵەكە كرابوون، هەموویانی ڕێكخستۆتەوە و ئەوانەی بۆ بڵاوكردنەوە گونجاو بوون لە بەرگێكی تایبەتدا چاپكردووە، هەر لە هەمان ساڵدا بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ئەم گۆڤارە لەسەرەتادا ڕۆشنبیری گشتی بوو، دواتر بە هەوڵی كوردستان موكریانی كۆمەڵێك مامۆستای پسپۆڕ كرا بە گۆڤارێكی ئەكادیمی، تایبەت بوو بە بڵاوكردنەوەی توێژینەوەی توێژەران و مامۆستایانی زانكۆ،

دوای ئەوەی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بوو بە گۆڤارێكی ئەكادیمی و هەڵسوڕاندنی زۆربەی كارەكانی لە ئەستۆی موكریانی بووە، بەپێی فەرمانی كارگێڕی ژمارە 769/8/4/26 موكریانی لەپلەی سكرتێری گۆڤارەكەوە بووە بە جێگری سەرنووسەر، ئەو قۆناغە لە بواری ڕۆژنامەگەری كوردیدا، یەكەمین ئافرەتی كورد بوو كە پلەی سكرتێری نووسین و دواتر جێگری سەرنووسەری پێبەخشرا (**موكریانی، 2022، ل151**). بەپێی فەرمانی كارگێڕی سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەدین پلەی زانستی موكریانی لە مامۆستاوە بەرزكرایەوە بۆ یاریدەری پرۆفیسۆر (**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، محافظة اربيل، مديرية مكتب رئيس جامعة، أمر جامعي، م/ ترقية علمية، العدد 2210/16/7، التاريخ 1987/2/18**). هەرچەندە ماوەیەكی زۆر پلە بەرزكردنەوەكەی دواخراوە بەبیانووی جیاواز لەلایەن ڕاگری كۆلێژی ئادابەوە.

دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دوورخستنەوەی ڕاژەی موكریانی گواستراوەتەوە بۆ زانكۆی سەلاحەدین، ئەم فەرمانە تایبەت بوو بەو مامۆستایانەی كە لە ساڵی (1982) دوورخرابوونەوە، بە هۆكاری نەتەوەیی (**وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، مديرية الشؤون الأدارية، الشعبة، أدارة الافراد، أمر وزاري، الرقم4667/13/4/7، التاريخ 1987/10/8**).

موكریانی و د. جەمال ڕەشیدی هاوسەری لە سەردەمی بەرپابوونی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) بەشێكی زۆر لە ئەرشیف و بەڵگەنامەی گرنگ لە مەنزومەی هەولێریان كۆكردۆتەوە و بە ئۆتۆمبێل گواستویانەتەوە بۆ شاری پیرمام و ڕادەستی (مسعود بارزانی)یان كردووە، دواتر ڕوویكردۆتە شاری مەهاباد و بۆ ماوەیەك لەوێ ژیاوە، دوای ئازادكردنی باشووری كوردستان گەڕاوەتەوە هەولێر، دوای ماوەیەكی كەم مانەوەی لە شاری هەولێر سەفەری وڵاتی (هۆڵەندا)ی كردووە لەماوەیەیی كە لەو وڵاتەدا ژیاوە وەك هەڵسەنگێنەر لەسەنتەری وەرگێران و ڕاوێژكار لەگەڵ چەند پارێزێك كاریكردووە، لە هەمانكاتدا هەوڵی خۆپێگەیاندنی داوە بە ئاشنابوونی زمانی هۆڵەندی و كلتور و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتە، ساڵی (1999) گەڕاوەتەوە كوردستان و پێشنیاری بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە بۆ دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە، هەر لە هەمان ساڵدا فەرهەنگی (كوردستان)ی بەچاپگەیاندووە (**موكریانی، 2022، ل200-202**)، هەروەها وەك ئەندامی كارا لە (كۆڕی زانیاری كوردستان) دەستبەكاربووە (**هەرێمی كوردستان، سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆك وەزیران، فەرمان، ژ 1117، 2000/11/22**)، ناوبراو وەك سەرۆكی لێژنەی ڕێزمانی كوردی دەستنیشانكراوە لەو پێگەیەدا چەند مامۆستایەكی بە ئەزموونی دەستنیشانكردووە، تاكو ببنە ئەندام لە لێژنەی ڕێزمان، ئەم لێژنەیەش دوای چەندین هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی سەرنج و تێبینییەكان بڕیاریاندا بە پێداچوونەوە بە كتێبی ڕێزمانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی لە هەرێمی كوردستان، بەرنامەی كاری كۆبوونەوەكانی دەستەی سەرۆكایەتی و ئەنجوومەنی باڵا موكریانی ئامادەی دەكرد، هەڵسوڕاندنی كۆبوونەوەكان، كۆنووسی كۆبوونەوەكانی

دەستەی سەرۆکایەتی موکریانی دەینووسی، هەموو نوسراوێك بۆ لایەنی پەیوەندیدار و وەڵامی ئەو نووسراوانەی بۆ (کۆڕی زانیاری) دەهاتن موکریانی ڕایدەپەڕاند، **(موکریانی، 2022، ل251-252)**.

هەر لە چوارچێوەی هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی لە 14ـی حوزەیرانی 2001 بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری (شاوشکا) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە ئافرەتان بووە **(گۆڤاری شاوشکا، ژ1، جۆزەردانی 2001، ل1)**، موکریانی هەوڵی دەدا، ئەو کەسانەی کە کار لە گۆڤارەکە دەکەن و دەنووسن ئافرەت بن، لەبەر کەمی ڕێژەی ئافرەتی نووسەری کورد، زۆربەی نووسینی وتاری ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لەبەراهیدا موکریانی خۆی دەینووسی و بەناوی جیاواز و خوازراو بڵاوی کردۆتەوە، زۆربەی چاوپێکەوتنەکان بۆ گۆڤارەکە خۆی ئەنجامی داوە **(شاوشکا، ژ2، سەرماوەرزی 2001، ل3)**.

لە 25ـی12ـی2004 هەڵبژاردنی خولی دووەمی دەستەی سەرۆکایەتی (کۆڕی زانیاری کوردستان) ئەنجامدرا، موکریانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان بە سەرۆکی (کۆڕی زانیاری کوردستان) هەڵبژێردرایەوە **(موکریانی، 2022، ل272)**. بەمجۆرە موکریانی بەردەوام بووە، لە هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی تاوەکو لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەڵبژێردرا بۆ سکرتێری ئەو ڕێکخراوە و لە تەوەری دواتردا تیشك دەخەینە سەر کار و چالاکییەکانی لە نێو ئەو ڕێکخراوەدا.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی کوردستان موکریانی

موکریانی بەپێی ئەزموون و قۆناغی ژیانی خاوەن کۆمەڵێك بەرهەمی زانستی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییە، زۆرینەی بەرهەمەکانیشی بە زمانی کوردییە، چەند بەرهەمێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و هۆڵەندی.

1- فەرهەنگی ڕووسی- کوردی بەهاوکاری کیدایتینە، مۆسکۆ 1977
2- ڕێزمانی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی سەر بە زانکۆکانی عێراق بەهاوکاری د. نەسرین فەخری، هەولێر 1982
3- ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی(قەناتی کۆرۆیێڤ- قەناتی کوردۆ) لە زمانی روسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەغداد 1984
4- سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، بەغدا، 1986
5- زارە کوردییەکان، بەهاوکاری د. کامل بەسیر، سادق بەهائەددین و حەمەمین هەورامانی، هەولێر 1987.
6- کەشکۆڵی گیو، بەرگی یەکەم و دووەم، بەغدا 1986، هەولێر 1988
7- تیشکێك لەسەر زمانانی دانشتوانی کۆنی کوردستان(زمانانی خووری و ئورارتوو)، هۆڵەندا 1995
8- سینتاکسی ڕستەی کوردی، هۆڵەندا 1997.
9- چەند بابەتێك لەسەر ڕێبازی خوێندنی سەرەتایی لە هۆڵەندا، هۆڵەندا 1999
10- سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، هەولێر 2004
11- سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی، هەولێر 2008
12- زمانی کوردی - مۆرفۆلۆژیا، هەولێر 2017

ئەم (12) بەرهەمەی موکریانی لە بارەی زمان و ئەدەبە، کە بەشێکی باشی لە کتێبخانەی کوردی لە بواری زمان و ڕێزمان و دیالێکتی کوردی پڕکردۆتەوە.

لەبواری پرسەکانی تایبەت بە ئافرەتان، بەتایبەتی ئافرەتانی کوردستان، چەند بەرهەمێکی بەچاپگەیاندووە لە گرنگترین ئەو بەرهەمانە ئەمانە:

1- هۆنراوەی ئافرەتی کورد، هەولێر 1980
2- ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بەنێوی ژنەوە لە نێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا(1898-1970)، هۆڵەندا 1995
3- ژنی کورد و دۆزی نەتەوایەتی، هۆڵەندا 1995
4- ژنی کورد بە ستەم دەورە دراوە، هۆڵەندا 1998
5- نا بۆ شوێنکەوتەیی، هۆڵەندا 1999
6- دەنگی ژنی هۆڵەندی لە نێو چاپەمەنێکانیدا، هەولێر 2004
7- باری سیاسی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستاندا، هەولێر 2007
8- وێنەی ڕەگەزی مێ لە نێو دیوانی ژنێك لە جنسی بارانی قوبادی جەلیلزادەدا، سنە 2020

لەگەڵ پەیڤەکانی شاوشکا پێگەی ڕەگەزی مێ لە نێو هۆنراوەی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی زیاتر لە (35) لێکۆڵینەوەی زانستییە لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی و ئافرەتی کورد. لە هەمانکاتدا سەرپەرشتی چەندین نامەی (ماستەر)ـی قوتابی، بەشداری لە گفتوگۆی نامەی (ماستەر) و (تێزی دکتۆرا)ـی چەندین قوتابی کردووە **(بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، موکریانی، 2022، ل329-333)**.

### تەوەری سێیەم:

## ڕۆڵی کوردستان موکریانی لە نێو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

دوای بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە 12-14ـی ئاداری (2007) لە ژێر دروشمی (پەرەپێدانی توانای ئافرەتان لە پێناو بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان) لە شاری هەولێر بەسترا**(سلێمان،٢٠٢٢،ل15)**، کوردستان موکریانی بە سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا **(ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،14ـی ئاياری 2007، هەولێر)**. هەریەك لە (سەبیحە ئەحمەد مستەفا، سەنا یەعقوب فلو، نەورۆز عزەدین قەرە، مەهاباد ئەمین مەنسور، جولە حاجی عومەر، نازدار ئەسعەد حەمەدئەمین، میدیا حەسەن حوسێن، کۆسار کەریم ڕۆژ) بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردران و

هەریەك لە (جوان کەمال بابان، ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف) بەیەدەگ دەرچوون، لە کۆبوونەوەی یەکەمی دەستەی نوێی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت لە (18ـی ئادار 2007) موکریانی بە کۆی دەنگ بە سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا (**ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی حەوتەم یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،14ـی ئایاری2007، هەولێر ، ل3**).

ڕێکخراوەکە لە چەند بەشێك پێکهاتبوو وەك(ڕێکخستن، چاکسازی و کۆمەڵایەتی، پەیوەندی و پرۆژەکان، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، پەروەردە و پێگەیاندن).

لە ڕووی ڕێکخستنەوە ڕێکخراوەکە پێکهاتبوو لە مەکتەبی سکرتاریەت و (177) ئەنجوومەن لە نێو کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانیدا، بەمشێوەیە (8) ئەنجوومەنی پارێزگا لە هەریەك لە پارێزگاکانی(هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکووك، بەغدا، دەڤەری گەرمیان، دەڤەری شنگال)، هەورەها (48) ئەنجوومەنی شارۆچکە(قەزا) و (199) ئەنجوومەنی(ناحیە)، هەروەها نووسینگەی لە ئەوروپاش کردبووەوە، ستافی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجوومەنەکان(835) ئەندام و ژمارەی ئەندامانی سەرجەم ڕێکخراوەکە لە (35403) ئەندام پێکهاتبوو (**ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی حەوتەم یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،14ـی ئایاری2007، هەولێر، ل5**).

سەبارەت بە ڕۆڵی کوردستان موکریانی لە ڕێکخراوەکەدا هەروەك خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت **"کاتێك ئەم ڕێکخراوەم بەدەستەوە گرت، پێویستی بە سەر لەنوێی دامەزراندنەوە هەبوو، هەوڵمدا گۆڕین لەبەرنامە، مامەڵەکردن لە نێوخۆ و لەگەڵ خەڵکدا، گۆڕین لە جۆری بیرکردنەوە و کارکردندا بکەم و لە پاڵ ئەوانەشدا پێگەیاندنی ئافرەتان ئامانجی من بوو"(موکریانی، 2022، ل303)**.

لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بەهۆکاری ئەوەی موکریانی پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە بواری ڕۆشنبیری و زمانی کوردی هەبوو، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت بڕیاردرا لەبارەی دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی (وێ) مەبەست لەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ جێناوی کەسی سێیەمی تاکە بۆ ڕەگەزی (مێ)، بەمەبەستی خزمەتکردنی ئافرەتان، ئەرکی دەرهێنانی گۆڤارەکەی خستە ئەستۆی بەرپرسان و ئەندام و کارگێڕانی بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە (**موکریانی، 2022، ل305**)، بەمجۆرە میدیا حەسەن حوسێن (بەرپرسی بەشی کارگێڕی)، کۆسار کەریم کەریم ڕۆژ (سەرنووسەر)، هەریەك لە ئەحلام مەنسور، چنور نامیق، نەسرین حەسەن (دەستەی نووسەران) بوون، خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکەش لەسەر پێشنیاری موکریانی بەناوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) بوو (**وێ، گۆڤار، ژ7، حوزەیرانی 2008، ل1**).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، چەندین بەرهەمی کتێب چاپکران، کە بەخامەی ژنان نووسرابوون، کە ژمارەیان (13) کتێب و نامیلکە بوون، جگە لە بایەخدان بە گۆڤار و چەندین گۆڤاری تایبەت بە ئافرەت دەرچوون، وەك:

1- گۆڤاری وێ، (30) ژمارەی لێ دەرچووە، سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتان دەریدەکرد.
2- گۆڤاری ئاگا، 22 ژمارەی لێ دەرچووە، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ڕێکخراوەکە دەریکردووە.
3- کانی کوردستان، 5 ژمارەی لێ دەرچووە، ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدای ڕێکخراوەکە دەریکردووە.
4- ئافەریدە،(14) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکی ڕێکخراوەکە دەریکردووە.
5- المرأة، (3) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵی ڕێکخراوەکە دەریکردووە (**موکریانی،8ـی ئابی 2025، هەولێر**).

هەر لە چوارچێوەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیدا لە نێو ڕێکخراوەکەدا موکریانی بایەخی بە لێکۆڵینەوەی زانستی داوە و لەم بوارەدا دوو کۆنفرانسی زانستی لەژێر ناونیشانی (ئافرەت لە نێوان ماف، یاسا و دەسەڵاتدا) کە لە ڕۆژانی (12 و 13)ـی کانوونی یەکەمی(2007) لە هەولێر بەڕێوەچوو، (ژیانەکا ئارام) ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە نێوان (2تا 26ـی تشرینی دووەمی 2009) لە دهۆك بەڕێوەچوو، ئەم دوو کۆنفرانسەش تایبەت بوو بە توندوتیژی و چارەسەرییەکانی ئەنجامدراوە، ئامانج لەم دوو کۆنفرانسە زانستییە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بنڕکردنی هۆیەکانی توندوتیژی بووە (**موکریانی،2022،ل310**).

لەژێر گرنگی هەوڵەکانی موکریانی بۆ لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری یەکێتی ئافرەتان چەندین بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بۆ ئەم مەبەستە چەندین بنکە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دهۆك) لەلایەن ئەنجوومەنی ئافرەتانی ئەو شارانە کرانەوە، لە ئەنجامدا (816) ئافرەت بەشداری پرۆسەی فێربوون و خوێندنیان لەو بنکانەدا کرد و لە نەخوێندەواری ڕزگاریان بوو، لەپاڵ ئەمانەشدا شارەزایان لە ئەرك و ماف پەیدا کرد و هەلی کارکردنیشیان بۆ ڕەخسا (**وێ، گۆڤار، ژ10، ئەیلولی 2008، ل41**). لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان خولی پیشەیی وەك: فێرکردنی دوورمان و کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری لە یادی پرسە نەتەوەییەکان وەك: جینۆسایدی گەلی کورد و شۆڕشەکان و بۆنە نیشتیمانییەکان ئەنجامدەدران، سەرەڕای خولی کۆمپیوتەر و چەندین خولی ڕۆشنبیری سەبارەت بە بەشداری کارایی ئافرەتان لە سیاسەت و هەڵبژاردندا (**وێ، گۆڤار، ژ16، ئاداری 2009، ل43**). هەروەها کردنەوەی خولی فریاگوزاری سەرەتایی و فێربوونی شۆفێری بۆ ئافرەتان، سەنتەری ناوەندی گەشەپێدانی تواناکانی ئافرەت بەهاوکاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەمریکی (**وێ، گۆڤار، ژ15، شوباتی 2009، ل44/وێ، گۆڤار، ژ12، تشرینی دووەمی2008، ل41**)، یارمەتیدان و هاوکاریکردنی کەسوکاری شەهید و پێشمەرگەکان لە ڕێگەی دابەشکردنی سەبەتەی خۆراك یەکێکی دیکە بووە لە چالاکییەکانی موکریانی لە نێو ڕێکخراوەکەدا (**وێ، گۆڤار، ژ19، حوزەیرانی 2009، ل16/ وێ، گۆڤار، ژ21، ئابی 2009،ل46**). موکریانی لە چوارچێوەی شاروشارۆچکەکان چالاکییەکانی بردوەتە گوندەکان و دەستی هاوکاری بۆیان درێژکردووە، گوندی (گیزە)ـی دەڤەری ئامێدی یەکێك بووە لەو گوندانەی کە موکریانی لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئافرەتانی قەزای ئامێدی

بەسەریکردوەتەوە (3300م) کومباری بەسەر (67) ماڵی ئەم گوندە دابەشکردووە، هەروەها گوندی (ئۆمەربل)ـی گەرمیان یەکێك بووە لەو گوندانەی کە پڕۆژەی هاوکاری موکریانی بەسەر پەرشتی ئەنجوومەنی ئافرەتانی قەزای کفری دیار و خەڵات بەسەر چەندین ئافرەتی گوندەکە دابەشکراوە (**وێ، گۆڤار، ژ7، حوەزیرانی 2008،ل38/وێ، گۆڤار، ژ10، ئەیلوولی2008،ل42**) بەدەر لە ناوخۆی کوردستان موکریانی هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئەورووپای ڕێکخراوەکەوە کار و چالاکیی جۆراوجۆر وەك: ئەنجامدانی کۆڕ و کۆنفرانسە جیهانییەکان سەبارەت بە پرسی ئافرەت و پێگەیاندنی ئافرەت ئەنجامبدات (**وێ، گۆڤار، ژ8، تەمموزی 2008، ل34-35**).

سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە لە سەردەمی موکریانی، چەند کار و پرۆژەیەکی گرنگ ئەنجامدران، وەك پرۆژەی (پێگەیاندنی کادیری ئافرەت) یەکێك بوو لەو پرۆژە گرنگانەی کە لە 25ـی تشرینی یەکەمی 2008 تاکو 22ـی ئایاری 2009 بەردەوام بوو (**وێ، گۆڤار، ژ20، تەمموزی 2009، ل9**).

ئەم پەیمانگایە یەکەمین پەیمانگا بوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، مەبەستی سەرەکی لە کردنەوەی ئەم پەیمانگایە بەشێك بووە، لە جێبەجێکردنی دروشمی کۆنگرەی شەشەم و خودی کوردستان موکریانی ئامانجی بووە، لەم ڕێگەیەوە کار لەسەر پێشخستنی تواناکانی ئافرەتان بکات. تاوەکو ئافرەت وەك سەرکردە لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زانستیدا ببنە بەشێك لە پرۆسەی پێگەیاندنەوەی ئافرەتانی دیکە لەسەرجەم ئەنجوومەن و ناوەندەکانی دیکەیان (**بەرزنجی، خەبات، ژ(3067) لە 11ـی کانوونی دووەمی 2009**). چەندین وانەی(مێژووی کورد و کوردستان و شۆڕشەکانی کورد، مێژووی ئافرەتان، جوگرافیای کوردستان، کۆمەڵگەی مەدەنی، زانستی سیاسی، دەروازەیی یاسایی، زانستی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، زانستی کارگێڕی، ئافرەت و یاسا، ئافرەت و ئەدەب، وتاربێژی) لە خۆ گرتبوو، بابەتەکان لەلایەن مامۆستانی پسپۆڕ و شارەزا پێشکەش دەکران، وەك(کوردستان موکریانی، عەقیلە ڕەواندزی، مەحموود محەمەد، محەمەد مەلا قادر)، چەندین ئافرەت لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەم پەیمانگایە سوودمەند بوون، لە کۆتایی خولەکەدا بڕوانامەی دەرچوون بەسەر بەشداربووانداا بە ئامادەبوونی (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان دابەشکرا(**ڕووداو، ژ(50)، 6ـی نیسانی 2009**).

موکریانی بەهۆی دیدی فراوانی بۆ خزمەتکردنی پرسی ئافرەتان، کاری کردووە، بۆ هاوبەشی کردنی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان بۆ نموونە: پرۆژەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوی(ئاژێ) کە ئەم ناوە کورتکراوەی هەردوو دەستەواژەی (ئافرەت و ژن)ـە (**موکریانی، 2022،ل360**) کە بەپێی نووسراوی ژمارە (10535)ـی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی دامەزراندنی پێدراوە (**حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، ژ(10535)، 3ـی ئابی 2008**)، ئەم فیدراسیۆنە یەکێکی دیکە بوو لەو پرۆژە گرنگانەی کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەسەردەمی موکریانیدا توانی لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوانەی کە بۆ دۆزی ژن و بەناوی ژن دامەزرا بوون خۆیان لە(36) ڕێکخراو دەدا توانی سەرپەرشتی هەر هەموویان بکات و لە فیدراسیۆنێکدا ڕێکیان بخات، مەبەستی سەرەکی ڕێکخراوەکە بۆ یەکدەنگی ئافرەتان لەمەڕ دۆزی رەوایی ئافرەتان (**پ.د.ك، مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، ژ(710) لە 17ـی ئابی2008**).

ئەم فیدراسیۆنە لە مێژووی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان بەتایبەتی لە بواری مافەکان و پرسەکانی تایبەت بە ئافرەتان هەموو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە دەرەوەی بازنەی حزبی بوون لەسەر پرسەکانی ئافرەتان یەکدەنگ و یەکگوتار بن (**موکریانی، 2022، ل307**).

وەك پەرۆشیی و بەدەنگەوەچوونی ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، موکریانی بیرۆکەی دامەزراندنی هێڵی گەرمی(هێڤی فۆن)ـی خستەبواری جێبەجێکردنەوە، ئەم هێڵە لە کوردستان و عێراقدا یەکەمین هێڵ بوو کە دابمەزرێت و خێرا فریای ئەو کەسانە بکەوێت، کە پێویستیان بە یارمەتی بلەز(خێرا) هەبوو، لە (20ـی حوزەیرانی 2007) ئەم هێڵە دامەزرا، تیمێکی تایبەتی بۆ تەرخان کرا، لە هەموو ڕاگەیاندنەکان دامەزراندنی ئەم هێڵە بڵاوکرایەوە، ژمارە تەلەفۆنی تایبەتی بۆ تەرخان کرا، بۆیە نەك تەنیا لە کوردستان لە دەرەوەی کوردستان پەیوەندیان بەم هێڵە دەکرد و کێشەکان بەپێی توانا چارەسەر دەکران (**وێ، گۆڤار، ژ17، نیسانی 2009، ل27**).

بەدەر لە چالاکییە ناوخۆییەکان، موکریانی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەوە هەوڵیداوە، نوێنەری ئافرەتی کورد بەشداری لە چالاکییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەپێی نووسراوێکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ژمارە(40) لە (24ـی کانوونی دووەمی 2008) کە ئاراستەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، تێیدا داوایکردووە بری پارەی تەرخانکراو خەرج بکرێت، بەمەبەستی بەشداریکردنی شاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە کۆنفرانسی( Academic conference Iraqi and Kurdistan and kurds at the turn of the 20th and 21st centuries) کە لە زانکۆی (ئادەم میلیویچ) لەشاری(پۆزنان) لە وڵاتی پۆڵۆنیا ساز کراوە، لە (16ـی ئادار تاوەکو 21ـی ئاداری 2008) واتا بۆ ماوەی (5) ڕۆژ بەردەوام بووە (**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، مەکتەبی سکرتاریەت، ژ(40)، 24ـی کانوونی دووەمی 2008**).

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە ڕۆژی دووشەممە (2008/10/27) بە کۆی(39) دەنگ لە بەرانبەر (35)دەنگ، دەنگی بۆ هێشتنەوەی فرەژنیی (مەرجدار) دا لە یاسای باری کەسێتی. دواتر بە ژمارە (15)ـی ساڵی (2008) بەناونیشانی (یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188)ـی ساڵی (1959)ـی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق) پەسەندکرد (**سایتی پەرلەمان،**

**2008/11/13**) ئەم یاساییە کاردانەوەیەکی زۆری دروستکرد و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکوانانی مەدەنی دژی ناوەڕۆکی یاساکە و بەتایبەتی ئەو مادە و بڕگەی کە ڕەوایەتی دەدات بە هێنانی ژنی دووەم و زیاتر وەستانەوە.

موکریانی هەڵوێستی ڕێکخراوەکەی سەبارەت بە یاسای باری کەسێتی و فرەژنی خستۆتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە، داوای لێکردووە سەبارەت بە هەردوو بڕگەی(فرەژنی، نشوز)، سەرۆك بارزانی یاساکە واژوو نەکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و تاوەکو جارێکی دیکە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، بارزانی سەبارەت بە پرۆژەی یاسای باری کەسێتیش ئاماژەی بەوەکرد" ئەو بابەتە مەسەلەی ڕۆژە، ئێوە کە ئەندام بوون لە لێژنەی دارشتنی یاساکە هەق وابوو ئەو مەسەلەیەتان لە لێژنەکە یەکلابکردایەتەوە، من وەك شەخسی خۆم دژی فرەژنیم، ڕاستە دەقێکی قورئانی تێدایە، بەڵام قورئانی پیرۆز مەرجی بۆ داناوە، ئەویش یەکسانی و عەدالەتە "(**خەبات، ژ(3037)، 1ی کانوونی یەکەمی 2008**).

موکریانی زۆرجار لە پرسە نەتەوەییەکان هەڵوێستی ڕێکخراوەکەی خستۆتەڕوو، بۆ نموونە سەبارەت بە دەستدرێژی و هێرشەکانی وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگای یاداشت و بەیاننامە داوای لە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا کردووە، کە سنوورێك بۆ هەرشەکانی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستان دابنێن و بە توندی ئیدانەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەرخاکی کوردستان کردووە (**یاداشت، 18ی تشرینی یەکەمی 2007، هەولێر**). لە(9ـی9ـی2009) نووسراوێکی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی کردووە، بەمەبەستی دەستلەکارکێشانەوەی، بەڵام پێیان ڕاگەیاندووە، کە بەکۆنگرە دەستتبەکارکردووە، بۆیە پێویستە هەر بەکۆنگرە دەستلەکار هەڵبگریت، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە لە (4ـی8ـی2010) لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو دەستی لەسکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەڵگرتووە و کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە.

**ئەنجام:**

1- کوردستان موکریانی پاشخانی پەروەدەیی ڕۆشنبیری بنەماڵەکەی لەسەر تێگەیشتنی ڕۆڵێکی دیاری بینیوە.

2- موکریانی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵییەوە لە ڕێگەی نووسین و خوێندنەوەی وتار و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەك ئافرەتێکی بوێر دەرکەوتووە.

3- لە کایەی ڕۆشنبیری وەك نووسەر و توێژەر، دواتر وەك مامۆستای زانکۆ ڕۆڵی گرنگی بینیوە و لەچەندین دەزگای ئەکادیمیدا خزمەتی کردووە، سەرۆکی یەکەمین(کۆڕی زانیاری کوردستان) بووە.

4- لە پرسە نەتەوەییەکان ڕۆڵی هەبووە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتی نەتەوەیی بۆ قوتابیان، بەتایبەتی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان.

5- لە نێو ڕێکخراویی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتان، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئافرەتان و هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی ئافرەتانی سەرکردە.

6- مێبوونی ڕێگری نەکردووە لە بەردەم بەشداریکردنی لە کوڕی زانیاری و چالاکییەکان لە کاتێکدا بەشداریکردنی ئافرەت لەو سەردەمەدا زۆر کەم بووە هەندێکجار وەك تاکە ئافرەت بەشداریکردووە لە پێشکەشکردن و بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری زانستی و ئەکادیمی.

7- بڕوا بەخۆبوون یەکێك بووە لە تایبەتمەندییەکانی موکریانی، چونکە لەسەردەمێك بۆ خوێندن چووە بۆ وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئافرەت کارێکی ئاسان نەبوو.

## لیستی سەرچاوەکان


**بەڵگەنامەکان:**

**عەرەبییەکان:**

**بڵاونەکراوەکان:**

الوثيقة الجامعة المرقمة 4145 المؤرخة في 1968/10/5 الحكم الذاتي، 1978، ع2

وزارة التربية، المديرية العامة للتعليم الثانوي، امر وزاري، الموضوع/ قبول استقالة، العدد 49981 التاريخ1972/10/9

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، دائرة البعثات، مديرية تقيم الشهادات، الرقم 2206/5/1، 1977/1/26

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، العدد 3196/6/11، 1977/2/10

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة السليمانية، مديرية الذاتية، العدد 3487/5/6، 1977/3/5

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة السليمانية، مديرية الذاتية، العدد 23646/35/7، 1978/9/30

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان، لامانة العامة للثقافة والشباب، المديرية الشؤون الأدارية والمالية، م تنسيب، العدد 6193/9/1 التاريخ 1981/12/23

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، العدد 2س/5652/، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جاميعة صلاح الدين، العدد 18201/11/7 تاريخ 1982/10/24

**بڵاوکراوەکان:**

وزارة الثقافة والاعلام، دار الثقافة والنشر الكردية، مكتب اربيل، الرقم 385، التاريخ 1982/10/31

وزارة الثقافة والاعلام، دار الثقافة والنشر الكردية، قسم أدارة، الذاتية، أمر أداري، الرقم2404، التاريخ1984/11/13

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، محافظة اربيل، مديرية مكتب رئيس جامعة، أمر جامعي، م/ ترقية علمية، العدد 2210/16/7، التاريخ 1987/2/18

وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، المديرية الشؤون الأدارية، الشعبة، أدارة الافراد، أمر وزاري، الرقم4667/13/4/7، التاريخ1987/10/8

هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆك وەزیران، فەرمان، ژ 1117، 2000/11/22(

**بەڵگەنامە کوردییەکان:**

**بڵاونەکراوەکان:**

ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی حەوتەم یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، 14ـی ئایاری 2007، هەولێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، ژ(10535)، 3ـی ئابی2008

پ.د.ك، مەكتەبی ناوەندی ڕێكخراوە جەماوەرییەكان، ژ(710) لە 17ـی ئابی2008
یەكێتی ئافرەتانی كوردستان، مەكتەبی سكرتاریەت، ژ(40)، 24ـی كانوونی دووەمی2008
یاداشت، 18ـی تشرینی یەكەمی 2007، هەولێر
سایت و ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییەكان:
سایتی پەرلەمان، https://legislation.krd/law-2008/11/13 detail/?id=17
كتێبەكان كوردییەكان:
بارزانی، مسعود، (2020)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، 1961-1975، شۆڕشی ئەیلول، چاپی دووەم، ڕۆژهەڵات، هەولێر
سلێمان، ڤیان، (2022)، لەپێناو مافی یەكسان 8 ساڵ كۆششی بێوچان، یەكێتی ئافرەتانی كوردستان ساڵی 2010-2018، چاپی یەكەم چاپخانە وڵات، هەولێر
موكریانی، كوردستان، (2022)، لە هەولێرەوە بۆ هەولێر (ژیان و بیرهاتی)، دەزگای چاپ: چاپەمەنی ڕۆژهەڵات، چاپی یەكەم
شارەزا، كەریم، (1978)، لە یادی گیوی موگریانی دا، چاپخانەی كوردستان، هەولێر

**گۆڤار و ڕۆژنامەكان:**

**ڕۆژنامەكان:**

**بە زمانی كوردی:**

هاوكاری، ژ457، 1979/1/15
هاوكاری، ژ11،1980/3/512.
بەرزنجی، خەبات، ژ(3067) لە 11ـی كانوونی دووەمی 2009
ڕووداو، ژ(50)، 6ـی نیسانی 2009
خەبات، ژ(3037)، 1ـی كانوونی یەكەمی 2008

**گۆڤارەكان:**

**بە كوردی:**

ڕووناكی،ژ1، 2001،
شاوشكا، ژ1، جۆزەردانی 2001
شاوشكا، ژ2، سەرماوەرزی 2001
وێ، گۆڤار، ژ7 حوزەیرانی 2008
وێ، گۆڤار، ژ8، تەمموزی 2008
وێ، گۆڤار، ژ10، ئەیلولی 2008
وێ، گۆڤار، ژ12، تشرینی دووەمی2008
وێ، گۆڤار، ژ15، شوباتی 2009
وێ، گۆڤار، ژ16، ئاداری 2009
وێ، گۆڤار، ژ17، نیسانی 2009
وێ، گۆڤار، ژ19، حوزەیرانی 2009
وێ، گۆڤار، ژ20، تەمموزی 2009
وێ، گۆڤار، ژ21، ئابی 2009

**بە عەرەبی:**

مجلة الكتاب العراقي، 2001


**چاوپێكەوتن:**

موكریانی،8ـی ئابی 2025، هەولێر

## پاشکۆکان:

پاشکۆکان:

(١)


Kurdistan Region
Council of Ministers
Prime - Ministers

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆک وەزیران

NO:
DATE: / / 2000

ژمارە: ١١٦٧
مێژوو: ٢٢/ ١١/ ٢٠٠٠

فەرمان

پالپشت بە مادە (٦)برگە أ لە یاسای ژمارە (١٢)سالی ١٩٩٧

بریارمان دا

بە دامەزراندنی ئەم ٤ بەرێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە لەسەر میلاکی ئەم سەرۆکایەتی‌یە/کۆری زانیاری کوردستان ،بە ئەندامی کارا . لەرۆژی دەست بە کاربونیان

١. د.شفیق توفیق قزاز .
٢. رشید فندی یحی .
٣. کوردستان عبدالرحمن موکریانی .
٤. بایز عمر احمد .

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران


وێنەیەك بۆ /
- وەزارەتی دارایی وئابوری / لەگەل رێزدا .
- وەزارەتی رۆشنبیری / لەگەل رێزدا .
- وەزارەتی پەروەردە / لەگەل رێزدا .
- زانکۆکانی هەرێم / لەگەل رێزدا .
- دەستەی پەیمانگای تەکنیکی‌یەکان /لەگەل رریزدا .
- بەرێوەبەرایەتی گشتی کارگیری ودارایی .
- ژمێریاری / بۆ جێبەجێ کردن .
- خامەی نهێنی .

Kurdistan Region - Erbil
Phon : 20210 - 4247 -4248

هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفۆن : ٢٠٢١٠—٤٢٤٧، ٤٢٤٨

فەرمانی وزاری دامەزراندنی کوردستان موکریانی وەک ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان

(٢)


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريه العراقيه

رئاسة جامعة السليمانية
العدد ٧٩١١
التاريخ ٨/ ٢/ ٧٧

جامعة السليمانيه
عمادة كلية الاداب
الذاتيه

العدد / م ش / ٢٨٥
التاريخ / ٧ / ٢/ ١٩٧٧

امــــر اداري

م/ مباشرة مدرسه

اشارة الى الامر الجامعي المرقم ٦/ ٥/ ٢٤٨٦ والمؤرخ في ٥/ ١/ ١٩٧٧ الصادر من رئاسة جامعة السليمانيه / مديرية الذاتيه / الذاتيه .

باشرت الدكتوره كوردستان عبد الرحمن عبد اللطيف/ الحاصله على شهادة الكانديدات في موضوع اللغه الكرديه من معهد الاستشراق / اكاديمية العلوم السوفيتيه ( مدرسه في كليتنا ) اعتباراً من تاريخ ٥/ ٢/ ١٩٧٧ ق.ظ .

الدكتور كامل حسن عزيز البصير
و. العميـــد


نسخة منه الى /-
- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / الدائرة الاداريه / مديرية الافراد / للعلم
- وزارة الماليه / مديرية الميزانيه العامه
- وزارة التخطيط / الجهاز المركزي للاحصاء/ دائرة الاحصاء الاجتماعي
- ديوان الرقابة الماليه
- رئاسة الجامعه / مكتب السيد الرئيس
- = = / مديرية الذاتيه / الذاتيه / امركم الجامعي اعلاه / ٢ نسخه
- = = / مديرية الحسابات/ الحسابات
- = = / مديرية الاحصاء والتخطيط
- = = / شعبة الاعلام والنشر
- الملفه الشخصيه
- ملفة الكتب الصادره
- الدكتوره كوردستان عبد الرحمن

٢٠.

نازنين / ٦/ ٢

فەرمانی کارگێری دەست بەکار بوونی کوردستان موکریانی وەک مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سلێمانی

(٣)


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين / اربيل
عمادة كلية الاداب
وحدة الافـــراد

العدد / ٧-٩ / ٢٠١٠٤
التاريخ : ٢/ ١١/ ١٩٨٧

(سيظل الشهداء اكرم منا جميعاً)

- امـــر اداري -

م/ مباشـــــرة

استنادا الى الامر الجامعي المرقم ٩/ ٢/ ٨٨ / ١٢٧ فــــي ١٩٨٧/١٠/٣١ واستنادا الى الصلاحية المخولة لنــــا ننـ

١- باشرت الدكتورة كردستان عبد الرحمن الموكرياني في كليتنا اعتبارا من ١٩٨٧/١١/١ ق.ظ

٢- تنسب الموما اليها الى قسم اللغة الكرديــــة .


غالب ناسل المطلبـــــي
العميــد وكـالـــة

نسخة منه الــــى /
- دائرة الثقافة والنشر الكردي / الادارة والافراد كتابكم المرقم ٣٤/٦٢ ١٥ ١٤ في ١٩٨٧/١٠/٢١ للعلم
- رئاسة الجامعة / مديرية الذاتية / الذاتية / للعلم مع التقدير .
- = / = الحسابات/ الحسابات .
- = / = التدقيق / التدقيق .
- = / = الاحصاء والتخطيط والقوى العاملة .
- سكلة الذاتية الصادرة
- الملفة الشخصية .
- ملفة الكتب الصادرة .
- الدكتورة كردستان عبد الرحمن / مع التقدير .

(سعاد / ١٩٨٧/١١/٦)

فەرمانی کارگێری دەست بەکار بوونی کوردستان موکریانی وەک مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین

(٤)


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

تلكس : ٢٣٨٥
الدائرة : القانونيه والاداريه
المديرية : الافـــراد

العدد : ق / ٢ / ١٠٦٤٨
التاريخ : ٢٠ / ١٠ / ١٩٨٧

( امـــر وزاري )

الحاقاً لكتاب ديوان الرئاسة المرقم / ٢٣٠١٢ والمؤرخ في ٨٧/١٠/٦
نقل خدمات الدكتوره كردستان عبدالرحمن الموكرياني الموظفه في دار الثقافه والنشر الكرديه الى ملاك جامعة صلاح الدين .
يعتبر الامر نافذا من تاريخ المباشره


عبدالكريم محمد حميد
م/الوزير التعليم العالي والبحث العلمي

نسخة منه الى /
مكتب السيد الوزير
مكتب السيد الوكيل
وزاره الثقافه والاعلام/الافراد / امركم الوزاري المرقم ٢/ ٤/ ١٣/ ٦٦٧ في ١٩٨٧/١٠/٨ مع التقدير
جامعة صلاح الدين/الافراد /لاجراء اللازم/مع التقدير
الدائره القانونيه والاداريه والمالية
مديريه الافـــراد
القوى العاملـــة
الصـــادره
الموما اليهـــا

بشرى/٢٠/١٠

فەرمانی وزاری گواستنەوەی ڕاژەی کوردستان موکریانی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ خانەی ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی

(٥)


وزارة الثقافة والاعلام
بغـــداد
المديرية : الشؤون الادارية
الشعبة : ادارة الافراد
الرقم : ٤٢٧/٤/١٢/٦٥٣
التاريخ : ١٩٨٧/١٠/

بسم الله الرحمن الرحيم

ختم الواردة

الزمن الى جانب العراق المنتصر

وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
شعبة المراسلات السرية
العدد ......
التاريخ ١٩٨٧/٨/ الواردة

ســـــــري

امـــــــــر وزاري

استنادا الى ماجاء بكتاب ديوان الرئاسة المرقم ٢ ٤٣٠١ والمؤرخ في ١٩٨٧/١٠/٦ ٠
تقرر نقل خدمات الدكتورة كردستان عبد الرحمـــــن الموكرياني الموظفة في دار الثقافة والنشر الكردية الى مـــلاك وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / جامعة صلاح الديـــن واعتبارا من تاريخ الانفكاك والمباشرة ٠


لطيف نصيف جاسم
وزيـــــر الثقافة والاعـــلام

نسخة منه الى /

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / اشارة الى كتــــاب ديوان الرئاسة اعلاه للتفضل بالاطلاع مع التقدير
دار الثقافة والنشر الكردية / لاتخاذ مايلزم لطفا
قسم ادارة الافراد / مع صورة من كتاب ديوان الرئاســـــة
قسم التخطيط والمتابعة / الشؤون العاملة
شعبة المتابعة والمراسلات السرية / مع الاوليات

سحرية / ٧ / ت ١

(٦)


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريـــة العراقيـــة
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانيـــة
مديرية الذاتية
الذاتية
العدد /
التاريخ ١٩٨١/٧/٢٠

٢٣٤٨٦ ٢٠/٧

العلم نور والجهل ظلام

امـــــر جامعي

م / اناطـــــة

الحاقا بامرنا الجامعي المرقم ١٥٤٤١/٣٠/٧ في ١٩٨١/٧/١٦ المتضمن منح الدكتور اسماعيل لازم الهاشل عميد كلية الاداب بجامعتنا بالعطلة الصيفية للفترة من ١٩٨١/٨/١ لغاية ١٩٨١/٨/٣١ ٠
تقرر اناطة مهام وكالة عمادة كلية الاداب بالدكتوره كوردستان عبد الرحمن عبد اللطـــيف طيلة مدة منح السيد العميد بالعطلة ٠

الدكتور صلاح الدين محمد امين عبرانـــــي
و٠ رئيس الجامعـــة


نسخة منه الى /
ـــ مديرية مكتب السيد رئيس الجامعة
ـــ عمادة كلية الاداب/ الذاتية/ كتابكم المرقم ٩٨٣/٣٥/٧ في ١٩٨١/٧/٢٦
ـــ مديرية الذاتية/ الذاتية
ـــ مديرية الحسابات
ـــ شعبة التدقيق
ـــ الاضبارة الشخصية
ـــ ملفة الكتب الصادرة
ـــ الدكتور اسماعيل لازم الهاشل
ـــ الدكتوره كوردستان عبد الرحمن عبد اللطيف

طبعة / ٧/٣٨

فەرمانی وزاری گواستنەوەی ڕاژەی کوردستان موکریانی لە خانەی ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

فەرمانی زانکۆیی دەستبەکاربوونی کوردستان موکریانی وەکو ڕاگری کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سلێمانی بەوەکالەت

(٧)


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البعثات
مديرية تقيم الشـــهادات

الرقم ١/ ٥/
التاريخ ١/ ٦٢/ ١٩٧٧
٢٢٠٦

الى / مديرية بعثات قارة اوربا الشرقية

بناء على الطلب المقدم الينا من الانسة كردستان عبد الرحمن لطيف الحاصلة على شهادة الكانديدات في موضوع اللغة الكوردية في معهد الاستشراق / الاكاديمية العلوم السوفياتية بتاريخ ١٦/ ١١/ ١٩٧٦ لبيان المستوى العلمي لها واستنادا الى قانون تصديق بروتوكول تعادل شهادة الكانديدات السوفياتية رقم ( ٩٢ ) لسنة ١١٧٢ واستنادا الى موافقة السيد المدير العام اعتبار شهادة الكانديدات الحاصلة عليها معادلة لشهادة دكتوراه فلسفة ( Ph.D ) امدها ثلاث سنوات بعد الاولية الجامعية ٠
للتفضل بالعلم مع التقدير ٠

عبد المجيد عبد الحميد
د/ المدير العـــــام

نسخة منه الى /
دائرة العلوم الاجتماعية والادبية
دائرة تخطيط التعليمي / الاحصاء
الدائرة الادارية
مديرية تقيم الشهادات
الدائرة الثقافية العراقية في موسكو / لنا ( بعد تخرجها
ملفة الكتب الصادرة
الموما اليه

(٨)


هاوكاری ٤
ئافرەت
دووشەممە ١٩٨٠/٢/١١

لەگەڵ د. كوردستان موكریانی
بەهرەی ڕۆشنبیری ئافرەتی كورد

كاری گرنگ ناسین

دایە تێریزای مرۆڤ پەروەر!

قوتابخانەیەكی پزیشكی و هیوای پاشە ڕۆژی ئافرەت

هاوسەنگکردنی بڕوانامەی دکتۆرای کوردستان موکریانی

ڕێدوانی کوردستان موکریانی لەژێر ناونیشانی بەهرەی ڕۆشنبیری ئافرەتی کورد بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٥١٢ ساڵی ١٩٨٠

(9)





رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٥٧ ساڵی ١٩٧٩ بەڕێوەچوونی وەرزی رۆشنبیری کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سلێمانی ، کوردستان موکریانی بە لێکۆڵینەوەیەک تێیدا بەشداری کردووە

**كوردستان موكرياني: قراءة في سيرتها العلمية ودورها في الحراك الثقافي والمنظماتي للمرأة الكوردية**

**ملخص:**

يسلط هذا البحث الضوء على مسيرة وحياة الشخصية الرائدة (كوردستان موكرياني)، مستعرضاً نتاجها الفكري ودورها البارز داخل منظمة اتحاد نساء كوردستان. تُعد موكرياني من الوجوه الثقافية اللامعة في المشهد الكوردي، حيث تأثرت بشكل مباشر بنشأتها في كنف عائلة وطنية ومثقفة، مما رسم ملامح مسيرتها الحافلة. وقد تميزت بكونها أول امرأة في تلك الحقبة تنال شهادة الدكتوراه في علم "الفيلولوجيا" (فقه اللغة) من جامعة أجنبية، فضلاً عن دورها الفاعل في مجالي الصحافة والإعلام، ومشاركتها في الأنشطة القومية والخطابة منذ نعومة أظفارها. يتناول البحث عدة ركائز أساسية: الإرث اللغوي والأدبي: أثرها العميق في دراسة اللغة الكوردية ولهجاتها، وإسهاماتها ككاتبة وشاعرة، بالإضافة إلى توليها رئاسة أول (مجمع علمي كوردي(. النضال المنظماتي: تفانيها في الدفاع عن حقوق المرأة من خلال مؤلفاتها وبحوثها، وقيادتها لاتحاد نساء كوردستان كسكرتيرة للمنظمة لمدة ثلاث سنوات، حيث ركزت على التمكين الفكري للمرأة الكوردية. حملة محو الأمية: مبادرتها الاستراتيجية بإنشاء مراكز محو الأمية ودمجها ضمن العمل المنظماتي، مما ساهم في تعليم أعداد غفيرة من النساء في كافة محافظات إقليم كوردستان. يخلص البحث إلى أن كوردستان موكرياني سجلت تاريخاً غنياً يجمع بين التفوق العلمي، والتأثير الثقافي، والنضال المنظماتي الدؤوب من أجل التقدم الاجتماعي.

**الكلمات المفتاحية:** كوردستان موكريانى، الثقافة، المرأة، النشاط، الجامعة.

**KURDISTAN MUKRIYANI: HER INTELLECTUAL LIFE AND ROLE IN THE KURDISTAN WOMEN'S UNION**

**ABSTRACT:**

This research sheds light on the career and life of the pioneering figure (Kurdistan Mukriyani), reviewing her intellectual contributions, and prominent role within the Kurdistan Women's Union organization. Mukriyani is considered as a distinguished figure in the Kurdish cultural sphere, her upbringing in an educated and patriotic family profoundly influenced her career. She was a pioneer of her time, being the first woman to obtain a (PhD) in Philology from a foreign university. In addition to her academic achievements, she played a significant role in journalism and media, and participated in national activities and public speaking from an early age. The research covers several key pillars: linguistic and literary legacy: Her profound impact on the Kurdish language and its dialects, alongside her contributions as a writer and poet. She notably served as the head of the first Kurdish Academy of Science. Organizational Struggle: Her dedication to women's rights through her research and books, as well as her leadership as the Secretary of the Kurdistan Women's Union for three years, where she focused on the intellectual empowerment of Kurdish women. Literacy Campaign: Her strategic initiative to establish literacy centers within organizational work, which benefited a large number of women across all provinces of the Kurdistan Region. The study concludes that Kurdistan Mukriyani recorded a rich history characterized by scientific excellence, cultural influence, and a dedicated organizational struggle for social progress.

**KEYWORDS:** Kurdistan Mukriyani , Culture, Women, Activity, University.